# بۆ رای گشتی و گەلی را پەریووی رۆژهەلاّتی کوردستان

**وەکو ئاگادارن ماوەی مانگێکە گەلەکەمان لە رۆژهەلاّتی کوردستان لەرا پەریندایەو بەشێوازی دیموکراتیانەی جۆراوجۆر خاوەن لەخۆی و شەهیدانی دەردەکەویٚ ، لەلایەکی تریش داوای مافە رەواکانی خۆی دەکات . ئەمەش مافی رەوای خۆیەتی بۆ ئەوەی دۆزە رەواکەی بە چارەسەری بگات هەستاوە بەو شێوەیە تێکۆشانی خۆی بەرەو پێشەوە دەبات ، ئەگەر ئەم سەرهەلّدانە بەشەهید بوونی لاوێکی کوردی شاری مهاباد دەستی پێکردبیٚ ئەوا ئەمرۆ بۆتە سەرهەلّدانێکی جەماوەری وسەرتاسەری رۆژهەلاّتی کوردستانی گرتۆتەوە ، وەکو دیارە دەبیٚ گەلەکەمان چیتر ئەو فشارو کوشتنی بیٚ حساب ولێپرسینەوەیە قبول نەکات وئیتر هەرجۆرە رەفتارێکی دژە گەل وەلاّم دەدرێتەوە . چونکە ئەمرۆ گەلی رۆژهەلاّتی کوردستان دەزانێت باشوری کوردستان خاوەنی کۆمەلێك دەسکەوتی گرنگە و باکوردکوردستانیش بلێسەی شۆرش بەرزەو ، بۆیە دەبێت رۆژهەلاّتی کوردستانیش دابراو نەبیٚ لەکاروانی ئازادی وچارەسەری دیموکراتیانەی کێشەکەی..**

**بەلاّم بەداخەوە رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران ودارودەستەکەی بەهەموو بەشە ئاسایشەکانی تادەگاتە هێزی نیزامیو سوپا ، بەشێوەیەکی هۆڤانە ودا پلۆسینەرو سەرکوت کەر وبەئاگر وئاسن رووبورووی خەلّکی را پەریو بۆتەوە ، ئەمەش لەهەموو داب ونەریتە مرۆڤایەتی دیموکراتی ومەدەنیەکان دورە ، ئەم شێوە رووبەروو بوونەوانە کلاسیکین وماوەکەیان بەسەر چووە ، چونکە مامەلّەکردن لەگەلّ کێشەی رەوای گەلێك کەوا بەدرێژایی مێژوو لەسەر ئەو خاکەیە وخاوەن درێژترین مێژوو ، دەولّەمەندترین کلتوور وزمان ودابوونەریتی تایبەت بەخۆیەتی ، بۆیە ئەو هەلّسوکەوتە نادیموکرات و توندوتیژەی رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران ریسواو شەرمەزار دەکرێت..**

## جەماوەری را پەریوی رۆژهەلاّتی کوردستان :

**ئێمە لەکاتێکدا ئەو کردەوە توندو تیژانە ریسوا دەکەین و پالّپشتی خۆمان بۆ داوا رەواکەتان نیشاندەین ، لەهەمان کاتیش دەزانین کەوا گەلی باشور قەرزاری براکانیەتی لەرۆژهەلاّتی کوردستان ، چونکە ئێمە هەرکاتێك کەوا پێویستمان پێیان بوبێت ئەوان بەهانامانەوە هاتوون وباوەشیان بۆ کردونەتەوە لەخۆشی وناخۆشیەکانماندا پشتگیرو هاوکارمان بوینە ، بۆیە ئێمەش ئەمرۆ رێکەوتی 2005/8/14 شەش حزب ولایەنی کوردستانی ودیموکراتی کەوا لەخوارەوە ناومان هاتووە ، هەلّساوین بەبەستنی کۆبوونەوەیەك لەشاری هەولێرو بەهەموو شێوەیێك ئەو هێرشانە ریسواو شەرمەزار دەکەین ودەلّێین دەبیٚ دەولّەت دەست لەهەلّوێستی توندوتیژ بەربدات وگویٚ بۆ داواکاریە دیموکراتیەکانی گەلی کوردمان لەرۆژهەلاّتی کوردستان شل بکا .. وە هەمان کات پالّپشتی داوا رەواکەی گەلەکەمانین لە رۆژهەلاّتی کوردستان . ئێمە وەکو ئەو شەش لایەنە سیاسیە ئەگەر هەلّوێستەکەمان بەدرەنگ بژمێردرێت ئەوا دلّنیاتان دەکەینەوە کەوا ئەمە سەرتایەکی بچووکە ولەداهاتووشدا بەهەلّوێستی جۆراوجۆر لەگەلّتانین..**

**هەربۆیەش داواکا نمان لە رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەم چەند خالّەی لای خوارەوە چردەکەینەوە :-**

1- **دەست هەلّگرتن لەکردەوەی سەرکوت کردن ودا پلۆسینەر وتوندوتیژ لەسەر گەلەکەمان لەرۆژهەلاّتی کوردستان.**
2- **ئئازاد کردنی بیٚمەرجی ئەوکەسانەی کەوا لەماوەی ئەم سەرهەلّدانەوە گیراون.**
3- **پێویستە دەولەت بەدەم داوا رەواکەی گەلەوە بێت وچارەسەریەکی دیموکراتیانەی کێشەی گەلی کورد لەرۆژهەلاّتی کوردستان بکات ..**

**لایەنە ئامادە بووەکان:**

1- **بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان**
2- **بزووتنەوەی جوتیاران وچەوساوانی کوردستان**
3- **پارتی کاری دیموکراتی کوردستان**
4- **بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان**
5- **پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان**
6- **پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان**

2005/8/14

**هەولێر**